
# دیواربەندی قوفڵی خۆشەویستی لە پاریس!

لە شاری پاریسی پایتەختی خۆشەویستی و ڕۆمانسی فەڕەنسا، پردێکی کۆن هەیە، کە تا ئێستا نۆژەن دەکرێتەوە، ئەو پردە ناوی (بۆن دیزارت)ە و مێژووی ئەو پردە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم، ئێستاش بۆتە شوێنی پیاسە و گەڕانی خۆشەویستان و ئەڤینداران، ئەوەی سەیرە لەم پردەدا، ئەوەیە کە لە سەرەوەی هێمایەك بۆ خۆشەویستی هەیە، ئەویش تۆپە کلیلی خۆشەویستی نێوان خۆشەویستانە، ئەوانەی دەیانەوێ خۆشەویستییان لە دڵی یەکتردا قوفڵ بدەن، دەچن تۆپە کلیلێك دەکڕن و ناوی خۆیان لەسەر دەنووسن و بە زنجیرەکانی سیاجی سەر پردەکە دەکەن، وەك ئەوەی تا هەتایی ئەوانە لە یەکتر جیا نابنەوە و هەر بەیەکەوە دەبن، دڵیشان بۆ یەکتر لە نێو قوفڵێکی ئاسنیندایە. دوای ئەوەی لە پێشوودا بەهۆی زۆریی ئەو قوفڵانەوە، بەشێکی پردەکە رووخا، ئەمجارەیان سەرۆکی شارەوانی وڵاتی پاریس، فەرمانی دا کە ئەو قوفڵانە لەوێ نەمێنن و بگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی دیکە، دوای هەڵگرتنی هەزارەها تۆپە کلیلی جۆراوجۆر، کە کێشیان نزیکەی (٤) تەن دەبوو، بۆ شوێنێکی دیکە گواستراوە، ئەوەش بووە مایەی ناڕەزایی و دڵتەنگی ئەوانەی قوفڵی خۆشەویستیان لەم شوێنەدا هەڵواسیبوو.



# (٥١) پەرداخ بە دەستێک هەڵدەگرێت !

زۆرن ئەوانەی خاوەن توانا و بەهرەن، کە دەتوانن بە بەهرەکانیان هەموو کەسانی دەوروبەری خۆیان سەرمەست بکەن، بە تایبەت کاتێك نمایشێکی بچووك دەکەن، وەك ئەو پیاوە بەریتانییە کە ناوی ( فیلیب ئۆنستۆن)ە و لە ریستورانت کار دەکات. ئەو دوای هەوڵدانێکی زۆر ئێستا دەتوانێت یەك سنی گڵاس و پەرداخ لەسەر دەستەکانی هەڵبگرێت، جاران دەیتوانی (٤٥) گڵاس لەسەر دەستێکی دابنێت، بەڵام ئەوجارەیان توانی زیاتریان بکات، لە دواترین نمایشی ئەو پیاوەدا، توانی (٥١) شووشە پەرداخ بەسەر دەستەکانیەوە هەڵبگرێت، کە ئەوەش ڕێکۆردێکی تازەیە دوای ئەوەی کە هاووڵاتییەکی ئیسپانی بە ناوی (فیلینی) توانی تەنیا (٣٩) گڵاس بە دەستەکانی هەڵبگرێت. ئەوەش توانا و بەهرەیەکی بەپێزی دەوێت کە بتوانی ئەوەندە گڵاسە بە دەستێك هەڵبگریت و بەبێ ئەوەی هیچیان بکەوێتە خوارەوە و بشکێت.





# ئاهەنگی هاوسەرگـ

هەر زانیومانە کە ئاهەنگی هاوسەرگیری لە هۆڵ و باخچە و شوێنی تایبەت دەکرێت، کە شوێنێکیان تەرخان کردووە تا دۆستان و خزم و کەسی بووك و زاوا، ئامادەی زەماوەندە بن و کاتێکی خۆشیش لەگەڵ ئاهەنگەکە بەسەر ببەن. بەڵام ماوەیەکە ئەو نەریتە باوی نەماوە کە ئاهەنگی هاوسەری لە شوێنی وا بێت، بەڵکو ئێستا لوتکەی چیا و شوێنی بەرز بۆتە گۆڕەپانی زەماوەند و ئاهەنگگێڕان، ئەوەتا لە تازەترین ئاهەنگی هاوسەری هەر یەك لە (کریس





# دەست و مەچەکبەند بۆ کچان

هەر ئێکسسوارێك لەلای کچان و خانمان جێگەی بایەخ و جوانییە، چونکە هەر یەکە بۆ کات و ساتی خۆی بەکاردەهێنرێن، هەمووشیان دەبنە کەرەستەیەکی سەرەکی لەگەڵ جل و بەرگدا، بە تایبەت ئەوانەی دیارن و جێگەی جوانی دەست و مەچەکت دەبن، چەندین خشڵ و ئێکسسواری هەمە چەشن هەن، کە لە دەست و مەچەك دەکرێن، لەوانە: بازن، مەچەکبەند، دەستبەند، ئێکسسواری پلاستیك، هەموو ئەوانە لە دەستی خانمان و کچان جوان و ڕەنگین دەبن. هەندێ لە کچان حەز بە بازنی گەورە ناکەن، تەنانەت حەزیان بە ئێکسسوارە تا لە دەستیان بێت، ئەوەتا چەندین ئێکسسواری دەستبەندی بچووك و گەورە هەن، هەندێکیان لە پلاستیکە و هەندێکی دیکەش لە قوماش و هەندێکی دیکەیان لە قایش و پێستە، هەر یەکە بە نەخش و ڕەنگ و دیزانێك ڕازاوەتەوە، لە دەست و مەچەکیشەوە جوانتر دەبن، لەو وەرزەشدا، زیاتر جلی قۆڵ کورت لەبەر دەکرێن، بۆیە ئەگەر دەستبەندێك، یان مەچەکبەندێکی لەگەڵدا لە دەست بکرێ، زیاتر جوانتر و سەرنجڕاکێشتر دەبن.




## ...یری لە ئاسمان!

پۆل و فۆبی بیکەر) لە بەرزترین لوتکە چیای جیهان کە زنجیرە چیاکانی (ئەڤرێست)ە، ئاهەنگی خۆیان گێڕا. ئەو جۆرە مەراسیمەی هاوسەری بۆتە نەریتێك و زۆربەی تازە هاوسەران، شوێنی زەماوەندیان لە شوێنێکی بەرز هەڵدەبژێرن، بە مانای ئەوەی کە خۆشەویستی نێوانیان ئەوەندە بەرز و بڵندە، هیچ شتێك ناتوانێت لە یەکتریان بکات، ڕەنگە لە داهاتووشدا ببێتە نەریتێکی باو لە هەموو وڵاتانی جیهاندا.

## ملیۆنێک دۆلار بۆ ئەو کەسەی تەمەنی دەگاتە (١٢٣) ساڵ

تەمەنی مرۆڤ دیاری کراوە، هەندێکیش لە سنووری خۆیان تێپەڕ دەبن و بەرەو سەدەیەك دەچن، تا ئێستا کەس نەگەیشتۆتە (١٢٣) ساڵ، هەر بۆیە ملیاردێرێکی بولگاری بە ناوی (مۆلۆدڤی دیمیتری)یە، لە ئێستاوە ملیۆنێك دۆلاری کردۆتە خەڵات بۆ ئەو کەسەی تەمەنی بگاتە (١٢٣) ساڵ، تا ئێستا کەس نەبووە، تەنیا ئەو ئافرەتە فەرەنسییەی کە ناوی (جین کالمێنت) بوو، کە لە تەمەنی (١٢٢) ساڵی کۆچی دوایی کرد، ڕەنگە کەسانێکیش هەبن لەم سەر و ئەوسەری دونیا، بەڵام لەوانەیە بەو خەڵاتەیان نەزانیبێت.





## ئۆتۆمبێلە ژینگە دۆستەکەی کوردستان

لە نێو کورددا کەسانێکی زۆر هەن کە خاوەن بیرۆکە و بەهرەن، بەهرەکانیشان لە کارەکانیان دەردەکەوێ، کاتێك کەرەستەیەك، یان شتێك دروست دەکەن. وەك دەگوترێ، نەتەوەی کورد زیرەکییان خۆڕسکانەیە، ئەوەتا ئەو گەنجە کە ناوی (فەیسەڵ عومەر)ـە، ئەو ئۆتۆمبێلەی دروست کردووە، کە کەرەستەکانی لە وڵاتی چین هێناوە و ئەویش کاری لەسەر کردووە تا تەواوی کردووە، ئەو ئۆتۆمبێلە دۆستی ژینگەیە و بەبێ بەنزین کار دەکات، واتە بزوێنەرەکەی تەنیا بە پاتری کار دەکات، ژینگەش پیس ناکات، ئۆتۆمبێلەکە بچووکە و جێگەی (٤) کەس دەگرێت، لە ڕەنگی زەرد و سپییە، شێوەی لە هێلکە دەچێت و کارێکی ناوازەیە.

## تابلـــــــۆ

-- عەرەبانەی (کا)

وێنەیەکی جوانی گەورە وێنەکێشی بەریتانی (جۆن کۆنستابل)ـە، کە لە ساڵی (١٨٢١) ئەو وێنەیەی کێشاوە و تێیدا باس لە دیمەنێکی سرووشتی دەکات، کە هەر خۆی لەو شوێنەدا لە دایك بووە و گەورە بووە، زیاتر خەڵکی فەڕەنسا سەرسام بوون بە کارەکانی کۆنستابل، تا وای لێهات زۆربەی بەرهەمەکانی ئەو کاتە لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسا نمایش دەکرد، لە وێنەکەدا بە شێوازێکی زۆر جوان وێنەی هەور و ئاوی کێشاوە، کە زۆر لە وێنەی سرووشتی نزیکە، بە چەند ساڵێك دوای کێشانی ئەو وێنەیە کۆنستابل لە ساڵی (١٨٣٧) کۆچی دوایی کرد.





### کاور ٣/٢١ - ٤/١٩

هاوکاریی کەسانی نزیکت، بۆ تۆ سامانێکە و قبووڵی بکە، هەندێ کات لە خۆباییی دەبیت و ئەوەش بە خراپە بۆت دەگەڕێتەوە، شێوازی بەڕێکردنی کارەکانت بەرەو باشتر دەچێ و لەگەڵ هەنگاوەکانت بە، کەسێك چاودێریت دەکات و دەیەوێت دڵت بۆخۆی رابکێشێت.




### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لەم کاتەوە تا هەفتەی داهاتوو، بە کێشەیەکەوە سەرقاڵ دەبیت و بێزارت دەکات، یارمەتیدانی ئەو کەسەی لە دڵتە، لە داهاتوودا بە چاکە بۆت دەگەڕێتەوە، هەمیشە بیر لە رابردووت مەکەوە، ئەوانەی ڕۆیشتن وازیان لێ بهێنە، دوودڵی لە ژیانت دووربخەرەوە و متمانەت بە خۆت هەبێت.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەرکەکانت ئاسان بکە و ئەوەندە بیر لە داهاتوو مەکەوە، ئەو کارەی لە بن دەستە، بەرەو خراپە دەڕوات، وا چاکە وازی لێ بهێنیت و ماوەیەکی دیکە هەوڵی بۆ بدەیتەوە، شێوازی مامەڵەکردنت توندە و کاتێك بەڵێن بە کەسێك دەدەیت، جێبەجێی بکە و فەرامۆشی مەکە.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لە بڕیارەکانت پەشیمانیت پێوە دیارە، ناکرێ بیر لە کارێك بکەیتەوە و دواتر فەرامۆشی بکەیت، هەوڵ بدە بڕیارەکانت بە جوانی بدەیت و سەرەتا بە باشی بیری لێبکەیتەوە. ئەوەی هاتە پێشت بە دڵێکی گەورەوە وەریبگرە، ئەو ناکۆکییەی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت بە گفتوگۆ چارەسەر دەبێت.




### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەر کارێك دەکەیت سەربەستی، بەڵام دەبێ ئەنجامەکانیشی قبووڵ بکەیت، کەسێك زۆر ئامۆژگاریت دەکات و تۆش بیرۆکەکانی ئەوت بە دڵ نییە، بەڵام بۆ بەرژەوەندیی تۆیە و سوودی بۆت دەبێت، ئەو کێشەیەش کە ماوەیەکە بەرۆکت بەرنادات، بەم نزیکانە چارەسەر دەبێت.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

تا ئەو کاتەی کارێك ئەنجام دەدەیت، زۆر خەمی پێوە دەخۆی، ئاخۆ دەبێ سەربگرێ یان بۆت نەبێ، پێویست بەو دوودڵییە ناکات، بڕیاری دروست لەسەر ژیانت بدە، ئەگەریش نازانی کامە ڕێگە هەڵبژێریت، ڕاوێژ بە کەسێکی نزیکت بکە تا چارەسەرت بۆ بدۆزێتەوە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١




پێشبینی کارەکانت بکە و لەگەڵ ئەنجامەکان ڕێگەت بگرە، ئەو هەوڵەت داوە بۆ ئەو کارەی ئێستات، باشترە بۆ ماوەیەکی دیکە دوای بخەی، هەر بیرۆکەیەکت بۆ هات، مەرج نییە جێبەجێی بکەیت، بۆ ماوەیەك لە کەسە نزیکەکانت نزیکتر ببەوە تا ئەنجامی پێوەندییەکانتان باشتر بێت.




### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کاتێك کەسێك نهێنییەکت لەلا باس دەکات، چاکترە بیپارێزیت و بە کەسی دیکەی نەڵێیت، چونکە قسە بۆ خاوەن نهێنی دەگەڕێتەوە، کە کێشەت دەبێ، ئەوەندە خۆت ئازار مەدە و هێمن بە، چونکە کێشەکان ڕێگەی چارەسەریان هەیە، ئەگەر تۆش هەوڵی بۆ بدەیت، زووتر چارەسەر دەبن.

# نمایشی وێنە لەسەر دەم و لێو


چەندین جۆرە نمایشی وێنە و وێنەکێشانی جۆراوجۆر هەن، هەندێکیان لە پیشانگاکاندا دەکرێنەوە، هەندێکی دیکەش لەسەر تابلۆکاندا دادەنرێن، هەندێکی دیکەش بە کاری هونەری و سێ ڕەهەندی دەکرێن، بەڵام وادیارە ئەو وێنەکێشە کە ناوی ( لەورا جێنکسۆن)ـە، لە وڵاتی کەنەدا دەژی، بیرۆکەیەکی دیکەی بۆ وێنەکێشان و نمایشی وێنە هەیە، وەك خۆی دەڵێت : ئێمە هەموو کات سەیری دەم و چاوی یەکتر دەکەین، بۆ ناتوانین سوودیان لێوەربگرین بۆ نمایشی وێنەیی، دوای ئەوە بیرۆکەیەکی بۆ هات، کە چەندین وێنەی جۆراوجۆر و کارتۆنی لەسەر دەم و لێوی مرۆڤ چێ بکات، تا ببێتە نمایشێکی جوانی وێنە و وێنەکێشان.



## پەند و وتە!

-- بیل کۆسپی، دەربارەی نهێنی سەرکەوتن و دۆڕان دەڵێ :


من لە نهێنی سەرکەوتن تێناگەم و نازانم، بەڵام نهێنیی سەرنەکەوتن و دۆڕان، ئەوەیە کە هەوڵبدەیت هەموو لایەنێك لە خۆت ڕازی بکەیت، یان بتەوێ کەس گلەییت لێنەکات، ئەنجامی ئەوەش دۆڕان و ماڵوێرانییە.



## بۆ زانیاریت

- خۆر -

قەبارەی خۆر ئەوەندە گەورەیە، کە دەتوانین هەزارەها گۆی زەوی بخرێتە ناوی و جێگەی ببێتەوە. ئەوەی پێشبینی دەکرێت کە کێشی گۆی زەوی بگاتە (٦٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) کیلۆ گرام، ڕێژەی (٩٩) لە کۆمەڵەی خۆر داگیر دەکات، پلەی گەرمی ناو خۆر دەگاتە (٥٥٠٠) پلەی گەرمی، ئەو ڕووناکییەی بۆمان دێ، لە زنجیرە تەقینەوەکانی ناو خۆر دروست دەبێت، کە هەر چرکەیەکی هێزی خۆر دەگاتە (١٠٠) ملیار تەن لە تی ئێن تی، بۆ یەکەمین جار زانایی یۆنانی (ئەرسستارگۆس سامۆس) باسی خۆری کردووە و شیکردۆتەوە، خۆر نزیکەی (٩٣) ملیۆن میل لە زەوییەوە دوورە، کە تیشکی خۆر بە خێرایی (٨) خولەك پێمان دەگات، ئەگەر بمانەوێت گەشتێك بکەین بەرەو خۆر، نزیکەی (٢٦) ساڵمان پێدەچێت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

قسەی کەسانی دیکە وەربگرە و ئەگەر بیرۆکەی ئەوانیشت پێ باش نەبوو، تەنیا گوێگر بە. ئەو کەسەی ماوەیەکە بێزارت دەکات، لە داهاتوو دەبێتە دۆستێکی نزیکت، هەر کاتێك پێویستیت بە یارمەتی دەبێت، سەرەتا لە کەسانی نزیکت داوا بکە، دواتر لە هاوڕێ دوورت.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئەو کاتەی بێزاری دەتگرێت، پێویست ناکات کەسانی دەوروبەرت هەستت پێبکەن، چونکە وادەزانن گرفتی خۆت هەیە و زیاتر بێزارت دەکەن بەوەی کە چی بووە و چۆن بووە. ئەو ئاواتەی کە ساڵانێکە لە دڵتە ئێستا کاتی خۆیەتی جێبەجێی بکەیت. کەسێکت بە دڵە و لێت دوورە و لەم ماوەیە بە یەکتر شاد دەبن.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ڕێگری لە ڕێڕەوەی کارەکانت مەکە، بەتایبەت ئەوانەی لە دەست خۆت نین. کەسێك دەیەوێ هاوکاریت بکات، تۆش ڕێگەی بدە و دواتر بۆی قەرەبوو بکەوە. هەمیشە بیرت لە لای ئێستات بێت و پەلە مەکە بۆ داهاتوو. ئەو گرفتەی ڕابردووت کە زیانی پێتگەیاند، لە بیری بکە و لە ڕەشبینی دوور بکەوە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

متمانەت بە خۆت نەماوە و بیر لە کارەکانت ناکەیتەوە، پێویستە دووبارە ڕێکیان بخەیتەوە تا بەرەو باشی بچێت. لەم کاتەدا ناتوانی کێشەکانت هەمووی چارە بکەی، بەتایبەت کێشەی خۆت لەگەڵ خۆشەویستەکەت. ئێستا کێشەکانی دیکەت چارەسەر بکە، ئەوەی خۆشەویستەکەشت چارەسەری ئاسانتر دەبێت.